# پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن لەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەوەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی ڕاپەڕین

**سیڤان عمر اسماعیل** **بەشی باخچەی ساوایان،کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین-ڕانیە، هەرێمی کوردستان،عێراق**

**ئیمەیڵ:** sivan.omar@uor.edu.krd

## پوختەی توێژینەوەکە:

پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن هۆکاریکی گرنگ وکاریگەرە لەئاراستە کردنی ڕەفتاری تاک وچالاک کردنی لەپەی بردن و تێگەیشتن لەهەڵویستەکان، سەرەڕای یارمەتی دانی لەتیگەیشتن وراڤەکردنی ڕەفتاری تاک ورەفتاری کەسانی چواردە وری لەگەڵ ئەوەشدا پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنپیکهاتەیەکی بنەڕەتیە لەهەوڵی تاک بە ئاراستەیی جی بە جی کردنی خود چونکە تاک هەست بەبەدیهینانی خودی خۆی دەکات لەڕێگەی ئەوەیی جێ بەجێی دەکات،

ئەم توێژینەوەیە هەولێکە بۆ زانینی ئاستی پالْنە ری دەست کەوتنی خویندنلەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەوەردەی بنەڕەت بەشێوەیەکی گشتی هەروەها زانینی ئاستی پالْنە ری دەست کەوتنی خوێندنلەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەوەردەی بنەڕەت بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز،قۆناغ)

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێک هاتوە بەشی یەکەمی تایبەتبە ناساندنی توێژینەوەکە بەشی دووەمی تایبەتە بەلایەنی چوارچێوەی تێۆری توێژینەوەکە بەشی سێیەمی تایبەتە بە لایەنی مەیدانی توێژینەونەکە بەشی چوارەمی تایبەتە بەخستنە ڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان وپێشنیار و ڕاسپاردەکان، توێژەر میتۆدی وەصفی بەکارهێناوە ،کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتوە لە کۆی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی ڕاپەڕێن.

نموونەی توێژینەوەکەی پێکهاتوە لە (١٠٠)خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت قۆناغی یەکەم قۆناغی چوارەم کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە، ئەو کەرەسەی بەکار هاتوە بریتیەلە پێوەری بیرکردنەوەی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن (کنانی،١٩٧٩)

گرنگترین ئەو کەرەسەتەئامارییانەی بەکار هاتوە پێکهاتوە لە ناوەندەژمێرەی و هەگبەی ئاماری (spss)ئەلفا کرۆمباخ و (t-test)، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە بەدەستی هێناوە بریتیەلە ئەوەی کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن نزمە لەلای نموونەی توێژینەوەکە، بەڵام هیچ جیاوازی نیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، وەلە کۆتایشدا پێشنیازو ڕاسپاردەکان خراونەتە ڕوو.

**کلیلی وشەکان:** پاڵنەر، پاڵنەری دەستکەوتنی خوێندن،دەست کەوتنی خوێندن



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## بەشی یەکەم/ناساندنی توێژینەوەکە

### یەکەم/ گرفتی توێژینەوەکە

پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن ئەگەڕێتەوە بۆئەو گرنگی یەگەورەیەیی کەلەبواریی دەروونی داهەیەتی، وە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنهۆکاریکی گرنگ وکاریگەرە لەئاراستە کردنی ڕەفتاری تاک وچالاک کردنی لەپەی بردن و تێگەیشتن لەهەڵویستەکان، سەرەڕای یارمەتی دانی لەتیگەیشتن وراڤەکردنی ڕەفتاری تاک ورەفتاری کەسانی چواردە وری لەگەڵ ئەوەشدا پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنپیکهاتەیەکی بنەڕەتیە لەهەوڵی تاک بە ئاراستەیی جی بە جی کردنی خود چونکە تاک هەست بەبەدیهینانی خودی خۆی دەکات لەڕێگەی ئەوەیی جێ بەجێی دەکات، وە ئەوەی بەدەستی دەهێنێ لە ئامانجەکانی و ئەوەیی هەوڵی بۆئەدات لەشێوازیی ژیانیکی باش وەئاستیکی گەورە لەبوونە مرۆڤایەتیەکەیی(هەمەوەندی،٢٠٠٥،ل١٠).

پەروەردە و شێوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوون کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر پاڵنەرو پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن، شێوازی بەکۆمەڵایەتی کردنی دایک و باوک لە قۆناغی منداڵیدا، جۆرو بڕی ئەو پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن دیاری دەکات ئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە زۆر بەی ئەو تاکانەی کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنیان و حەزوو ئارەزووی دەستکەوتنیان بەرزە، لە ناو ئەو خێزانانەدا پەوەردە بوون کە بەردەوام دایک و باوکیان هانیان داون بواری سەربەخۆ بوون پشت بەخۆ بەستنیان بۆ ڕەخساندوون لەسەر جێ بەجێ کردنی کارو چالاکیەکانی ڕۆژانەیان،ئەو کەسانەی ئەم پاڵنەرەیان بەرزە لە ژیانی ڕۆژانەشیان سەرکەوتوون، سەرڕای سەرکەوتن لە بواری خوێندنیان(قطامی وعدس،٢٠٠٢،ل٢٠٩).

سەرەڕای گرنگی پاڵنە ری دەست کەوتی ئەکادیمی توێژەر بەهۆی ئەوەی کە خۆی نزیکە لە خوێندکارانەوە وانەبێژە هەستی بەوە کردوە کە هەندێک لە خوێندکاران کێشەیان هەیە لە کاتی وانەکاندا و تێگەیشتنیان بۆ وانەکان بەدەست نەهێنانی نمرەی باش لە تاقیکردنەوەکاندا، هەروەها بەشداری نەکردنیان لە وانەکانی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی کاریگەرو چالاک، چۆڵی کتێبخانەکان و نەچوونی خوێندکاران بۆ کتێبخانەکان و بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە شوێنە گشتی و کافتریاکان کە هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەری خوێندن و پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن، ئەگەر هاتو پاڵنەری خوێندن و دەست کەوتنی خوێندنلە ئاستێکی بەرزدابێت لەلای خوێندکاران ئەوە واله خوێندکاردەکات کە کاتێکی زیاتر لە خوێندن و زانکۆ ناوەندی مەعریفیەکان بەسەربەرێت، زیاتر بەشداری بکات لە چالاکیە مەعریفیەکان.

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارانەدا خۆی ببینێتەوە کە ئایا پاڵنە ری دەست کەوتنی خوێندنلەلای خوێندکارانی زانکۆ هەیە یان نا؟ یان پاڵنە ری دەست کەوتنی خوێندنلەلای خوێندکارانی زانکۆ لە چ ئاستێکدایە؟

## دووەم/گرنگی توێژینەوەکە

پاڵنە ری دەست کەوتنی خوێندنڕۆڵیکی گرنگ وکاریگەر دەبینێ لەبەرزکردنەوەی ئاستی دەست کەوتنی خوێندنتاک و بەرهەمەکانی لەسەرجەم بوارە جیاوازەکان، ئەو هەڵوێستانەی کەڕووبەڕووی دەبێتەوە، ماکلیلاند ئەمەی پشت ڕاست کردۆتەوە پیوایە ئاستی پاڵنەری جێبەجێکردن لەهەرکۆمەڵگەیەکدا بەرئەنجامی ئەو ڕێگاوشیوازەیە کەمنداڵانی پێ پەروەردە دەکرێن و گەشەیان پێدەدرێت لیرەوە گرنگی پاڵنەری جێ بەجێکردن دەردەکەوێ نەک بەتەنها بۆتاک بەڵکو بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کەتاکەکەی تێدا ئەژی(شواشره،٢٠٠٧،ل٥).

پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنئاماژەیە بۆ یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی جێبەجێکردنی خود لە کاتێکدا جێبەجێکردنی خود پێکدێ لەوەی کەتاک جێبەجێی دەکات لەکارەکانی و ئەوەی بەدەستی دەهێنێت لە ئامانجەکانی،وە توێژەران و دەروونزانان دووپاتی دەکەنەوە کە پاڵنەریدەست کەوتنی خوێندندەرئەکەوێ وەک مەرجێکی سەرەکی لەمەرجەکانی فێربون، وە ئەم پاڵنەرە کردەیەکی خۆییە ناتوانین بیزانین ودیاری بکەین تەنها لەڕیگەی تاک خۆیەوە نەبێت لەگەڵ ئەوەشدا چەمکێکی بنەڕەتیە لە هەر بیردۆزێکی پەروەردەیدا، وە هەربوارێک لە بوارەکانی ژیان داواکاریەکی هەیە بۆ جێبەجێکردن بەشێوەیەکی سروشتی ئەمەش پێویستی بەبونی پاڵنەرێک دەکات لێرەدا گرنگی لێکۆڵینەوەی ئەم پاڵنەرەو هەوڵدان بۆ پێوانەکردنی دەردەکەوێ(الحامد،٢٠٠٥،ل١٣٣).

گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لەسەر خوێندکاری زانکۆ ئەنجام دراوە، کە خوێندارانی زانکۆ مامۆستاو سەرکردەی دوارۆژی کۆمەڵگان، مامۆستایەتیش سەرکردایەتی و پێشەنگی کردن لەهەر بوارێکدابێت پێویستی بەکۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی کەسەیتی هەیە لەوانە هێزی کەسێتی وتوانای ژیری و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بڕوا بەخۆبوون ودروست کردن و وەرگرتنی بڕیاری سەلامەت لەکاتی خۆیەدا کەئەمەش بەبێ هەبوونی پاڵنەرو پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن و پاڵنەری زانیاری دەستەبەر نابن.

## سێیەم/ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم خالآنەی خوارەوەدا ئەبینێتەوە.

١. زانینی ئاستی پاڵنە ری دەست کەوتنی خوێندنلەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
٢. زانینی ئاستی پاڵنە ری دەست کەوتنی خوێندنلەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز،قۆناغ)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## چوارەم/سنوری توێژینەوەكە

سنوری توێژینەوەي بریتیە لە سەرجەم خوێندكارانی قۆناغی یەكەم چوارەمی/كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/بەیانیان/ زانكۆی ڕاپەڕین/ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ – ٢٠١٩)

## پێنجەم/پێناسەی چەمكەكان

### ١. پاڵنەر

- پاڵنەر حاڵەتێكە لە توندی و پەستان رەفتار دەوروژێنێت و ئاراستەی دەكات وە هاوبەشی دەكات لەتێركردن و گێرانەوەی تاك بۆ حاڵەتی هاوسەنگی(راجع ,١٩٦٨ :ل٦٩).
- پاڵنەر حاڵتێكی كاتیەو شڵەژانێك دروست دەبێت لەئەنجامی بوونی پێویستیەك یان بونی ئامانجێك كەتاك هەوڵی بەدەست هێنانی دەدات بەگەیشتن پێی و تێركردنی كۆتای دێت(الزغول٢٠٠٦-ل١٧٩).

### ٢. پاڵنەری دەست كەوتن

- بەڕای مۆرای:ویست و ئارەزوی تاكە بۆسەركەوتن بەسەر كۆسپ و ڕێگرەكان وەمەشق كردنە لەسەر هێزو ململانێ یان تێكۆشان بۆ جێبەجێكردنی بابەتەگرنگ و ئاستەنگەكان بە شێوەیەكی باش وە بەو پەڕی خێراییەوە(خلیفە ،٢٠٠٠، ل٨٩).
- بەڕای ئەتكنسۆن:پاڵنەرێكی ئاوێتەیە كە ڕەوشتی تاك ئاراستە دەكات كە چۆن سەركەوتوو بێت لەو چالاكیەی كە ئاماژەیە بۆ سەركەوتن و، لەكاتێكدا پێوەرەكانی سەركەوتن و شكست ڕوون و دیاریكراو بێت(هەمەوەندی،٢٠٠٥،ل١٧).
- بەڕای ماكلیلاندوهاوڕێكانی:ئامادەییەكە بەشێوەیەكی ڕێژەیی جێگیرە لەكەسایەتی تاكداو مەودای هەوڵ و كۆڵنەدانی تاك دیاری دەكات لەپێناو گەیشتن بەسەركەوتن وە بەجۆرێك لەڕەزامەندی كۆتایی دێت(یونس، ٢٠٠٨، ل٨١).

- **پێناسەی كرداری(الاجرائي)**:بریتیەلە ئەو نمرەیەی كە نموونەی توێژینەوەكە بەدەستی دەهێنێت لە پێوەرەكەدا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## بەشی دووەم/ چوارچێوەی بیردۆزی توێژینەوەکە

## چەمکی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن

پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن بریتیە لە کۆمەڵێک هێزوو گڕوو تین وپەرۆشی تاک بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی و زاڵ بوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا کەدێنەرێگەی، (الزغول ،٢٠٠٦،ل٢١٧) پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن بریتیەلە هەموو جێبەجێکردنێک کە خوێندکار هەڵدەستێ ئەنجامدانی لەبابەتە جیاوازیەکانی خوێندنگا بەشێوازێک پێویستە کەملکەچی ئەو هەڵسەنگاندنانە بێت کەلەڕێگەی نمرەو تاقیکردنەوە وانەوەبێت کە ئەنجام دەدرێت ئەمەش کەهەموو مامۆستاکان پەیوەستە پێوەی.(عبدالخالق و احمد،١٩٩٠،ل٢١١)، پاڵنەری جێبەجێکردنی خوێندن ئەو ئارەزوە گونجاوەیە کەهانی تاکە کەس ئەدات لەناخەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دوورە زانستی هەڵسوکەوتی.(رەبیع و الغول،٢٠٠٥،ل٨٣)

چەندجیاوازیەک هەیەلەنێوان خاوەن پاڵنەری دەست کەوتنی بەرز و خاوەن پاڵنەری نزمی دەست کەوتن، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕونیان کردۆتەوە کە خاوەن پاڵنەرە بەرزەکان زۆر سەرکەوتو ترن لە قوتابخانەدا وەک لە خاوەن پاڵنەرە نزمەکان ،خاوەن پاڵنەرە بەرزەکان ئاستێکی بەرز بەدەست ئەهێنن لەئەرکەکانیاندا سەرکەوتو تر ئەبن لەبەڕێوەبردنی کارەکانیان وەک لە خاوەن پاڵنەرە نزمەکان، وەهەروەها خاوەن پاڵنەری بەرز ئارە زوو ی هەڵبژاردنی ئەرکە مام ناوەندو قورسەکان دەکەن ،دوور دەکەونەوە لەئەرکە زۆر ئاسانەکان لەبەر نەبوونی تەحەداکردن تێدا،وەلە تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی تری خاوەن پاڵنەری بەرز ئەوەیە کە ئارە زوو یەکی بەهێزیان هەیە لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا ،وەلە سەرو ئەمەشە ئەوانە خاوەنی پاڵنەری بەرزی جێبەجێکردن ئەو ئەرک و کارانەیان پێ باشە کە خەڵات کردن تێدا لەسەر بنچینەی تاکە (علاونە،٢٠٠٤،ل٨). شایەنی ئاماژە بۆ کردنە لەبەرئەوەی (پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنیان پاڵنەری حەزو ئارە زووی دەست کەوتن )ئاراستە یان حاڵەتێکی عەقڵی هەیە،بۆیە پێشبینی ئەوەکراوە زانایان لەو بڕوایەدان کەلەلای هەموو کەسێک هەیە بەڵام بەبڕو ڕێژەی جیاجیا، واتە لای هەموو کەس وەک یەک نیە دەتوانرێت لەڕێگەی ئەزموون تێستی(أختبار)تایبەتیە وە ڕێژەو بڕەکەی لەلای تاکەکان دیاری بکرێت، بەڵام ئەوەی مایەی ئاماژەبۆکردنە ، پێوانە کردنی ئەم پاڵنەرە کارێکی ئاسان نیە ،لەبەرئەوە وەک هەموو دیاردە دەرونیەکانی تر،دیاردەو چەمکێکی نادیارو هەست پێنەکراوە. (قەرەچەتانی٢٠١١،ل٩٧)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## پێکهاتەکانی پاڵنەری جێبەجێکردن

زانا(اوزوبڵ) سێ لایەنی دیاریکردوە بۆ پێکهاتەی پاڵنەری جێبەجێ کردن

١. پاڵنەری زانستی : بارێکە لەخەریک بوون بە کارێک کە تاک هەوڵ دەدات پێویستیەکانی بۆ زانست و تێگەیشتن تێربکات .

٢. ڕێزلێنان لە خود: بریتیە لە ئارەزوی تاک بۆ زیادکردن و پاراستنی ناوبانگ و پێگەکەی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی تایبەت , لە هەمان کاتدا پابەندە بەو نەریتە گشتیانەی کە پێی ناسراوە .

٣. پاڵنەری الانتماء (چونە ریز ): ئارەزوی گەیشتنە بە ڕەزامەندی کەسانی تر کە ئارەزوەکانی بەدی دێنێت لەڕێگەی ئەم ڕەزامەندیەوە تاک سەرکەوتنەکانی بەکاردێنێت وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دانپیانان و بایەخپێدانی لەپاڵ ئەوانەی کە پشتی پێدەبەستێ لەدڵنیایی باوەڕ بەخۆبونی .(عویضه :١٩٩٦،ل ٩٤ )

هەریە کە لەزانایان(فیروف و سیمث)جیاکاریان کردوە لەنێوان دوو جۆری بنەڕەتی لەپاڵنەری دەست کەوتن

١. پاڵنەری جێبەجێکردنی خودی /کەمەبەست لێی جێبە جێ کردنی پێوەرە ناوەکی و کەسیەکانە لەهەڵوێستی بەجێ هێناندا

٢. پاڵنەری دەست کەوتنی کۆمەڵایەتی /کەجێ بەجێ کردنی پێوەری سەرکەوتن و بەرزبوو نەوە لەخۆ دەگرێت کە ئەوەستێتە سەر بەراوردی کۆمەڵایەتی واتە بەراوردی دەست کەوتنی تاک بەرامبەر کەسانی دی. (یونس،٢٠٠٨،ل٨٢)

## تایبەتمەندي ئەو تاکانەی خاوەن پاڵنەرێکی بەرزی دەستکەوتن:

ماکلیلاند وای ئەبینێ کە ئەو تاکانەی خاوەن ئاستێکی بەرزن لە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن کۆمەڵێک تایبەتمەندیان هەیە کە پێی جیادەکرێتەوە لەکەسانی تر لەوانە:

١. حەزکردن بەسەرکێشی:

ئەوتاکانەی خاوەن ئاستێکی بەرزن لە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن، ئامانجێکی تاڕادەیەک گران بۆخۆیان دائەنێن ئەوپەڕی توانایان دەخەنەکار بۆگەیشتن بەسەرکەوتن ,کاتێ دەرفەتێکی باش دەبێت لەبەردەمیاندا بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەبەرئەوەی ئەگەر بەدیهێنانی ئامانجەکە ئەستەم بووئەوا ئەگەری سەرکەوتن تیایدا دیاری کراو دەبێ لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوت ئەگەر ئاسان بوو وەئەم سەرکەوتنە نابێتە هۆی تێرکردن وڕازی بونی تاک.

٢. هەڵگرتنی بەرپرسباریەتی :


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

ئەوتاکانەی خاوەن ئاستێکی بەرزن لە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن، ئەو کارانە هەڵئەبژێرێ کەبەرپرسیاریەتی تەواوی تێدایە دور ئەکەوێتەوە لەو کارانەی کە ئەگەری سەرکەوتن و شکستیان تێدایە، بەو کارانە ڕازی نابن کە کەسانی تر بۆیان دیاری دەکەن.

٣. ئاشکراکردنی ژینگە :

گرنگیەکی گەورە بەدیدەکرێ بۆئاشکراکردنی ژینگەو دەوروبەر لەلای ئەو تاکانەی کەخاوەن پاڵنەرێکی دەستکەوتنی بەرزن، وە ئارەزوی گەشت و تاقیکردنەوەی بابەتە نوێیەکان دەکەن بۆ ئەزمون کردنی لێهاتویی و جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بەڕێگەیەکی باش .

٤. ڕاست کردنەوەی ڕەفتار لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان :

ئەوتاکانەی خاوەن ئاستێکی بەرزن لە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن، ئەخوازن ئەنجامی کارەکانیان ڕاستەوخۆ بزانن بەشێوەیەک کەیارمەتییان ئەدا بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتاریان ,بەشێوەیەکی گشتی ئاڕاستەی کاری ژمێریاری و بەڕێوەبردن دەگرن و باشترن تیایدا وەک لەکارە ئەکادیمی و تیۆریەکان لەبەرئەوەی کردارە ژمێریاریەکان ڕوون وڕاستەو خۆو ئەژمارکراوە.(الغامدی ٢٠٠٠،ل٧٦ )

زانا شەربینیە لەدەرئەنجامی توێژینەوەکانیدا (١٠) تایبەتمەندی دیارە کردوە بۆ ئەو کەسانەی پاڵنەری جێبەجێکردنی بەرزن کە ئەوانیش بریتین لە (بەرزخوازی ،کۆڵنەدان ،سەربەخۆی ، باوەڕبەخۆ بوون ، ڕێکو پێکی ، زیندویەتی ، زرنگی ، بوێری کۆمەڵایەتی ، پلەوپایە ، ڕون بینی) (یونس,٢٠٠٦،ل٨٢).

## ١. تیۆری ئەتکنسۆن :

ئەتکنسۆن لەبیردۆزەکەیدا ئەوەی خستەڕوو کەپاڵنەری دەست کەوتن، لەقۆناغی منداڵیدا وەرگیراوە، هەروەها سروشتێکی بەردەوام وجێگیری ڕێژەیی هەیە، بەڵام لەهەندێ کاتدا ئەم پاڵنەرە بەهێزیەکەی کەم دەبێتەوە , پێشبینیەکان وبەها هاندەرەکان پشت دەبەستن بەشارەزاییەکانی تاک لەهەڵوێستە دیاریکراوەکاندا وەک ئەو هەڵوێستانەی کەڕوبەڕوی تاک دەبنەوە وەهەموو ئەوگۆڕانکاریانەی تاک دەجوڵێنن لەهەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تر، ئەتکنسۆن تیۆرەکەی خۆی داڕشت لەبارەی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنلەسەر بنەمای نرخاندن وپێشبینی کردن و ئەو خەملاندنەی تاک پێشبینی کردووە وەئەو ئامانجانەی بەدەست هاتون، پاڵنەری تاک زیاد دەبێت ئەگەر لەلای تاک ئاستی پێشبینی کردن بەرز بوو بۆ سەرکەوتن هەوڵەکانی سەرکەوتوو گونجاو بوو، وەئەگەر تاکەکە هەوڵیکی زۆری دا بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەمەبەستیەتی ئەوا بەهەمان شێوە پاڵنەری لەلای زیاد دەکات، ئەتکنسۆن جەختی لەسەر ڕۆڵی ململانێی نێوان پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنوترس لە شکست هێنان کردەوە، پێی وایە نزمی ئاستی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی ترس لەشکست هێنان بەبەراورد بەپاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنلای تاک، پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنلەناوخۆیدا هەڵگری دوو تایبەت مەندیە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

لایەنێکیان پۆزەتیڤە وەک مەیل بۆ دەست کەوتنی خوێندن,بەڵام لایەنەکەی تر نێگەتیڤە وەک ترس لە شکست هێنان، وەئەگەر هاتوو لەهەر حاڵەتێکدا خواست بۆ سەرکەوتن لەگەڵ ترس لە شکست هێنان یەکسان بوون ئەوا ڕۆڵی پۆزەتیڤی هەیەو تاک پێش دەخات لەکارەکەیدا.(الغامدي،٢٠٠٠،ل٧٠)

## ٢. تیۆری ماکلیلاند: McClelland

ماکلیلاند پێی وایە کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنێک هاتەیەکی گریمانەییە، کەهەستی ڕۆڵگێڕان لە هەڵوێستە ململانێییەکان لەخۆدەگرێ بە ئامانجی بەدەست هێنانی باشترین و بەرزترین بەها، هەروەها پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنوو لایەن لەخۆ دەگرێ، (ئارەزوو بۆسەرکەوتن ، ترسە لە شکست هێنان) وە هەردوکیان کاریگەریان هەیە لە سەر ڕەفتاری تاک لەکاتی هەوڵدانی بۆ سەرکەوتن، بەبڕوای ماکلیلاند پاڵنەر دوو خاڵ لەخۆدەگرێ کەپەیوەندی دارە بەلایەنی ویژدانی یەکەمیان بریتیە لەحاڵەتێکی پێشبینیکراوی چونیەک کەدەتوانێ پۆزەتیف بێت یاخود نێگەتیف یاخود کاریگەری نەبێت کەئەمەش پەیوەندی هەیە بە فێربونەکانی ڕابردوو, بەڵام خاڵی دووەمیان بریتیە لە کەمی و زیادی لە هەستکردن بەچێژ یاخود ئازار کە ئەمە پەیوەندی هەیە بەحاڵەتی ئێستا، لەبەرئەوە ئاستی وروژێنەری پاڵنەر جیاوازە بەپێی ئەم بارودۆخە هەڵچونیە لەئێستادا یاخود بارودۆخی هەڵچونی پێشبینیکراو، ئەم پێشبینیە هەڵچونیانە پێکهاتەیەکن لە شارەزاییەکانی ڕابردوو کە ئامادەباشی دەکەن لەدەرخستنی وروژێنەرێکی هاوشێوە بۆئەو وروژێنەرەی کەلەئێستادا بوونی هەیە لە کاتی فێرکردنی ڕاستەقینەدا، وە جیاوازی هەیە لە نێوان بارودۆخێکی هەڵچونی لە ئێستادا یاخود لەداهاتودا بۆدەست هەڵگرتن لە ڕەفتارێک یان بەردەوامی پێدانی، ماکلیلاند وای دەبینێ کەپاڵنەری جۆراوجۆر ڕەفتاری تاک دەجولێنن بەڵام پاڵنەری کاریگەرو سەرەکی کەئاگایی تاک دەوروژێنێ پاڵنەری دەست کەوتنە، کەبریتیە لەئارەزوو بۆ جێ بەجێکردنی شتە قورسەکان و بەدەست هێنانی شارەزاییەکی باش و زاڵبون بەسەر بەربەستەکان و هەوڵدان بۆسەرکەوتن، لای ماکلیلاند پاڵنەری بەدەست هێنان بریتیە لە جیاوازی نێوان ئاستی ئاواتەکانی تاک لەگەڵ ئاستی بەدەست هێنانی ڕاستەقینە.(الخلیفە،٢٠٠٠،ل١٠٩)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## توێژینەوەکانی پێشوو

### توێژینەوەی المؤمني و الربابعة :٢٠١٤

ناونیشانی توێژینەوە(پاڵنەری دەست کەوتی خوێندن و پەیوەندی بەدڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی یرموک)

ئامانجی ئەو توێژینەوەیە زانینی ئاستی پەیوەندی پاڵنەری دەست کەوتی خوێندن و دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتیەلە کۆی خوێندکارنی کۆلێژی پەوەردەدە کە (٢٥٣٠)خوێندکارە، نمونەی توێژینەوەکەی (١٩٤) خوێندکارە، میتۆدی وەصفی بەکار هێناوە، ئەو ئامرازانەی بەکاری هێناوە پێوەری پاڵنەری دەست کەوتی خوێندن و دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی(یوسفي،٢٠٠٨)بەکارهێناوە، ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرکەوت کە پاڵنەری دەستکەوتنی خوێندن بەرزە لەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە.

### توێژینەوەی احمد:٢٠١٦

ناونیشانی توێژینەوە(پەیوەندی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن بە بیرکردنەوەی خورافی لەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی دیمەشق)

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیەلە زانینی ئاستی پەوەندی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن و بیرکردنەوەی خورافی لە لای خوێندکاران زانینی ئاستی پاڵنەری دەرست کەوتن لەی خوێندکاران، نموونەی توێژینەوەکەی پێک هاتوەلە (١٣٧) خوێندکار، میتۆی وەصفی بەکار هێناوە،ئەو ئامرازانەبی بەکاری هێناوە پێوەری پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن وبیرکردنەوەی خورافی.ئامادەکردنی توێژەر،ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیەلە پاڵنەری دەست کەوتی خوێندن هەیە لەلای خوێندکاران، پاڵنەری دەست کەوتی خوێندن هەیە لەلای خوێندکاران بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێ.

## بەشی سێیەم/لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### میتۆدی توێژینەوەکە:

مەبەست لە میتۆدی توێژینەوەی زانستی : بریتیەلە بەکارهێنان و گرتنەبەری ڕێگاو شێوازی زانستی بۆ گەیشتن بە ڕاستیە نوێیەکان و سەلماندنیان لە پێناو دەو ڵەمەند کردن و گەشەکردنی معریفەی مرۆڤایەتی (بۆکانی،٢٠١٦،ل٥)

بۆئەم توێژینەوەیە توێژە میتۆدی (وەصفی)یان بەکارهێناوە، کە دیارترین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیي و کۆمەڵایەتیەکانە بەتایبەت لە بوای پەروەردە و سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا بەرفراوانترین میتۆدە تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر دیاردەو ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە واتە هەردیاردەیەک کە ئێستای ژیان و تاک گرووپی کۆمەڵگادا بوونیان هەیە بە ئامانجی ئەوەی هۆکارەکان دیاری بکات و لایەنەکانی بۆدۆزێتەوە پەیوەندی ڕەگەزەکان دەربخات یان پەیوەندی دیار دەیەک بە دیاردەیەکی تر دەربخات سنورەکانی ئەم میتۆدە تەنها لەوەسف کردندا ڕانەوستێت بەڵکو شیکارو لێکۆڵینەوە بەراورد و هەڵسەنگاندنیان بۆدەکات. (بۆکانی،٢٠١٦،ل٨٢)

### کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە سەرجەم خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/زانکۆی ڕاپەڕین، پێکهاتوە لە (١٥٣٦) خوێندکار(٤٧٨)ڕەگەزي نێر(١٠٥٨)ڕەگەزی مێ هەروەک لە خشتەی ژمارە(١)دا هاتوە.

**خشتەی ژمارە(١)**
**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| کۆلێژ | قۆناغی١ | نێر | مێ | قۆناغی٢ | نێر | مێ | قۆناغی٣ | نێر | مێ | قۆناغی٤ | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوردی | ١ | ١ | ٠ | ٦٦ | ٢٦ | ٤٠ | ٥٨ | ٢٦ | ٣٢ | ١٣٠ | ٦٩ | ٦١ | ٢٥٥ |
| عەربی | ١٤ | ٦ | ٨ | ٦٦ | ٢٦ | ٤٠ | ٨٧ | ٣٤ | ٥٣ | ٩١ | ٣٢ | ٥٩ | ٢٥٨ |
| بیرکاری | ١١٩ | ٣٣ | ٨٦ | ٦٤ | ٢٤ | ٤٠ | ٦٨ | ٢١ | ٤٧ | ٨٢ | ٢٨ | ٥٤ | ٣٣٣ |
| کۆمپیوتەر | ٧٤ | ٢٩ | ٤٥ | ٥٩ | ٣١ | ٢٨ | ٥٣ | ٢١ | ٣٢ | ٤٧ | ٢٤ | ٢٣ | ٢٣٣ |
| ئینگلیزی | ٥٤ | ٢٠ | ٣٤ | ٦٨ | ١٤ | ٥٤ | ٣٣ | ٩ | ٢٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٥٥ |
| باخچەی ساوایان | ٥٤ | ٤ | ٥٠ | ٧٤ | ٥ | ٦٩ | ٨٨ | ٤ | ٨٤ | ٨٦ | ٠ | ٨٦ | ٣٠٢ |

کۆی گشتی ١٥٣٦

### نموونەی توێژینەوەکە:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

بۆ هەڵ بژاردنی نموونە توێژینەوە بەشێوازێکی هەڕەمەکی نموونەی توێژینەوەکەی هەڵبژارد کە پێکهات بووله (١٠٠)خوێندکارله هەردووقۆناغی یەکەم و چوارەم وەک لە خشتەی (٢)دا هاتوه

**خشتەی (٢)**
**نموونەی توێژینەوە**

| کۆلێژ | ژمارەی خوێندکار |
|---|---|
| قۆناغی یەکەم | ٤١ |
| قۆناغی چوارەم | ٥٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ |

## کەرەستەکانی توێژینەوەکە:

توێژەران بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەي پیوەری (پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن)بەکارهێناوە بۆ ئەم مەبەستە هەستان بەوەرگردتنی پیوەری پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن (کنانی،١٩٧٩) کەلە (٢٦)برگە پێک هاتوە، دوای ئەوەی ڕاستگۆی ڕواڵەتی بۆدەرکرا و جێگری بۆ دەرکرا، بژاردەی پیوەرەکە بریتین لە (تەواو بەسەرمدا جێ بەجێ دەبێت، تاڕادەیەک بەسەرمدا جێ بەجێ دەبێ،بەسەرمدا جێ بەجێ نابێت)

### ١. ڕاستگۆی پێوەری توێژینەوەکە :

توێژە بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆی پشتیان بەست بەرێگای ڕاستگۆی ڕواڵەتی.

کە بریتییە لەتوانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاریدەیەی کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات (بۆکانی ,٢٠١٦,ل١٧٤) بۆ ئەم مەبەستە توێژەران هەستان بەدابەش کردنی پیوەرەکە بەشێوەیەکی سەرەتای خستیانە بەردەم (٥) لە شارەزایانی دەروونزانی لە بەشی باخچەی منداڵان،وەک لە پاشکۆی (٢)دا، دوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان پیوەرەکە گۆڕانکاری بەسەر هات برگەکانی (٢٦،١٥،١٠)گۆڕانکاری بەسەرهات، هەموو برگەکان بەرێژەی لە(٩٠) بەرەوسەر ڕازیبوون،واتە ناوەندە ژمێرەی پیوەرکە یەکسان بووبە(٩٣) کەئەمەش رێژەیەکی باشە بۆڕاستگۆی.

### ٢. جێگیری پێوەری توێژینەوەکە :


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

جێگیری , یەکێکە لە خە سڵەت بنەڕەتییەکانی ئامرازەکانی توێژینەوەو کە پێویستە بەر لەوەی ئامرازەکە پراکتیزەو جێبەجێ بکرێت دڵنیابین لەبوونی خەسڵەتی جێگیریەکەی , بایەخی پێوانەکردنی نمرەی جێگیری ئامرازی توێژینەوە لە وەدایە کە هەر کاتێک بە کارهات هەمان ئەنجامان پێبداتەوە ,ئەو ئامرازەی کە ناجێگیرە و هەر جارەو ئەنجامێکمان بە دەستەوە دەدات ,ناکری پشتی پێ ببەستین وبڕوا بە ئەنجامەکانی بکەین وتوێژینەوەکەش جێگای گومانەو تەنها بە فیڕۆدانی کات وتێچوون وماندوو بون وهیچی تر ,بۆیە جێگیری پێوەر بە ومانایە دێت کە یان ئامرازە کە (چاوپێکەوتن , فۆرمی ڕاپرسی , پێوەرو تێبینی , تێکستەکان ) چەند جار لەگەڵ هەمان گرووپ وساملپ و لە هەمان هەل ومەرجدا جێبەجێ بکرێت , ئەبێت هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات , چەمکی جێگیری بەو واتایە دێت کە ئامرازێکە کە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدی بێهنێت ئەگەر دووجار بەسەرهەمان گرووپدا جێبەجێ بکرێتەوە (بۆکانی, ٢٠١٦,ل١٧٧ ).

بۆ بەدەست هێنانی جێگری پێوەرەکە توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی ئەلفا کرۆمباخ، کە جێگیری پێوەرەکە بریتي لە ٧٩ ئەمەش ڕێژەیەکی باشە بۆ جێگیری.

**کەرەستە ئاماریەکان:**

١. ناوەندە ژمێرەی بۆ دەرکردنی ڕاستگۆی
٢. ئەلفاکرۆمباخ بۆ دەرهێنانی جێگیری
٣. T-testبۆیەک برگەيي و دووبڕگەيي


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

دوای کۆکردنەوەی ئەنجامەکان داخلّکردنیان بەهەگبە ئاماری (spss)بەبەکارهێنانی (t-test) ئەنجامەکان بەم شێوازەی خوارەوە دەرچووبۆ بۆ هەریەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

### ١. زانینی ئاستی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن لەلای خوێندکارانی زانکۆ

دوای وەرگرتنی داتاووکۆکردنەوەی بەکارهێنانی بەهەگبە ئاماری (spss)سەبارەت بە ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە دەرکەوتووە، کە ناوەندی ژمێرەی(٤٣,٥٥) نزمترە لە ناوەندی گریمانەیی(٥٢) بەلادانی پێوەری (٨,١٥) دەرکەوت کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن نیە لەلای نموونەی توێژینەوەکە، بەبەکارهێنانی T.test (١٠,٣٥) بەرزترە لە t خشتەیي(١,٩٦٠) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠,٠٥) واتە ئاستی بەڵگەداری ئاماری هەیە، وەک لە خشتەی ژمارە(١)دا دیارە، ئەمەش ئەوە پیشان کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن نیە لەلای نموونەی توێژینەوەکە.

خشتەی (١)

ناوەندی ژمێرەیي و لادانی پێوەری نموونەی توێژینەوەکە بۆپێوەری پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن

| ن | ناوەندە ژمێرەی | ناوەندی گریمانەیي | لادانی پێوەری | T.test | T خشتەیي | ئاستی بەڵگەداری ئاماري |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٠ | 43.55 | ٥٢ | 8.15 | 10.35 | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |

دوای دەرخستنی ئەنجامەکان و دەرکەوتوە کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن لەلای خوێندکاران نیە لە ئاستی نزمدایە، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی( المؤمني و الربابعة: ٢٠١٤) (توێژینەوەی احمد: ٢٠١٦)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سیستەمی پەوەردە نەیتوانیوە حەزی خوێندن و پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن لەلای خوێندکاران زیادبکات، هەروەها زانکۆ خوێندنگاکان نەیان توانیوە ببنە ماڵی دووەم بۆ خوێندکاران حەزی خوێندکار بۆ دەست کەوتنی خوێندن زیاد بکەن، یەکێکی تر لە هۆکارەکان باروودۆخی سیاسی و ئابووریە کە بەجۆرێکە دوای تەواو کردنی خوێندن خوێندکاران ناتوانن سوود لە بڕوانەمەکانیان وەربگرن ببنە خاوەن ئیشی سەربەخۆی خۆیان، هەروەرها سیستەمی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکان بە جۆرێکە کەمترین حەزی خوێنکاری تێدا ڕەچاو کراوە خوێنداران لەو بەشانە ناخوێنن و وەرناگیرێن کە ئارەزوویان لێیەتی، هەروەها خراپی سیستەمی خوێندن پڕۆگرامەکانی خوێندن، یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی نزمی ئاستی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

**٢. زانینی ئاستی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن لەلای خوێندکارانی زانکۆبەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.**

سەبارەت بەئامانجی دووەمی توێژینەوەکە دەکەوت، ناوەندەی ژمێرەی خوێندکارانی نێر(٣٧,٥٦)بەلادانی پێوەری (٥,٥٦)نزمترە لە ناونەندە ژمێرەی خوێندکارانی مێ کە(٤٨,٢٥) بەلادانی پێوەری (٦,٦٦)ئەمەش ئەوەدەردەخات کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن لەلای خوێندکارانی مێ زیاترە، پاشان توێژەران هەستان بە دەرهێنانی تاقیکردنەوە (t-test) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی بەڵگەداری ئاماری، دەرکەوت t-test (٨,٥٣٨)، بەرزترە لە T خشتەی (١,٩٦٠)ە لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠,٠٥).ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی هەیە لە نێوان خوێندکارانی نێر و مێ بۆ گۆڕاوی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن لەبەرژەوەندی خوێندکارانی مێ ،وەک لە خشتەی (٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٢)

ناوەندە ژمێرەی و بەهای تائی و لادانی پێوەری بۆ مشتەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | ن | ناوەندە ژمێرەی | ناوەندی گریمانەیي | لادانی پێوەری | t-test | T خشتەي | ئاستی بەڵگەداری ئامار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 44 | 37.56 | 52 | 5.56 | 8.538 | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |
| مێ | 56 | 48.25 | ٥٢ | 6.66 | | | |

دوای دەرخستنی ئەنجامەکان و دەرکەوتوە کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن لەلای خوێندکارانی ڕەگەزی نێر نزمترە،ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوە(**توێژینەوەی احمد:٢٠١٦**)، لە کۆمەڵگای کوردیدا کوڕان زیاتر پابەندن بە ئیشکردن بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ بەبەراورد بەکچان، بۆیە دەست نەکەوتنی ئیش و گرانی بژێویان لە دوای تەواو کردنی خوێندن، وای کردوە کە کوڕان زیاتر هەست ترس و نیگەرانی بکەن پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنیان کەمتربێت هەندیجار هەرلە کاتی خوێندندا هەندێ لە کوڕان هاوشانی خوێندنەکەیان ئیش دەکەن لە دەرەوەی زانکۆ تاکو ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەرئاستی دەست کەوتنی خێوندنیان، هەروەها واز هێنان لە خوێندن و حەزی کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی نزمی ئاستی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن.

**٣. زانینی ئاستی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن لەلای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغ.**

سەبارەت بەئامانجی زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغ، ناوەندەی ژمێرەی قۆناغی یەکەم(٤٥,١٤)بەلادانی پێوەری (٦,١١)بەرزترە لە ناونەندە ژمێرەی قۆناغی چوارەم (٤٢,٠٥) بەلادانی پێوەری (٩,٥١) ئەمەش ئەوەدەردەخات کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن زیاترە لەلای خوێندکارانی قۆناغی یەکەم، پاشان توێژەران هەستان بە دەرهێنانی تاقیکردنەوە (t-test) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

بەمەبەستی دەرخستنی بەڵگەداری ئاستی ئاماری، دەرکەوت t-test(١,٩٢٠)، نزمترە لە T خشتەی (١,٩٦٠)ە لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠,٠٥). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی یەک و چوار بۆ گۆڕاوی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن وەک لە خشتەی (٣) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٣)

ناوەندە ژمێرەی و بەهای تائی و لادانی پێوەری بۆ مشتەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی قۆناغ

| قۆناغ | ن | ناوەندە ژمێرەی | ناوەندی گریمانەیي | لادانی پێوەری | t-test | T خشتەی | ئاستی بەڵگەداری ئامار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغ ١ | 49 | 45.14 | ٥٢ | 6.11 | 1.920 | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |
| قۆناغی٤ | 51 | 42.05 | ٥٢ | 9.51 | | | |

دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکان دەرکەوت کە پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن زیاتر لە لای خوێندکارنی قۆناغی یەکەم، بەڵام بەبەکاهێنانی(t-test) دەرکەوت کە جیاوازیەکە لە ئاستی بەڵگەدرای ئاماری نیە، واتە هەردوو قۆناغ وەک یەک پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندنیان نزمە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی و ئابووری خراپی سیستەمی پەورەردەو پڕۆگرامەکانی خوێندن، هەروەها نەبوونی کارێکی گونجاو لە دوای تەواو کردنی خوێندن یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی نزمی ئاستی پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن.

## ڕاسپاردەو پێشنیارەکان:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## پێشنیارەکان:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی.
٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن پەیوەندی بە ژینگەی خوێندگاوە.
٣. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن پەیوەندی دڵەڕاەکێی داهاتووەوە.
٤. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر پاڵنەری دەست کەوتنی خوێندن پەیوەندی بە هەندێ گۆڕاوی ترەوە.

## ڕاسپاردەکان:

١. ڕەخساندنی هەلی کار لە دوای تەواو کردنی خوێندن بۆ خوێندکاران بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتی خوێندکاران.
٢. گرنگی دان بە پیشەو توانای خوێندکاران خستیانە سەرکاری گونجاو بە پێی پسپۆڕیەکەیان.
٣. دڕاشتنەوەی سیستەم و پڕۆگرامی خوێندن کە بگونجێ لەگەڵ حەزوو ئارەزووی خوێندکاران گرنگی دان بە ژینگەی خوێندنگا سەرنجی خوێندکارا بۆلای خۆی ڕاکێشێ.
٤. پێداچوونەوە بە سیستەمی وەرگرتنی خوێندکاران لە ناوەندەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەو بەشانەی لێ وەردەگیرێن بگونجێ لە گەڵ حەزوو ئارەزووی خوێندکاردا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## سەرچاوەکان:

احمد،امل (٢٠١٦): العلاقه بين دافعية الإنجاز و التفكير الخرافى لدى عينة من طلبة كلية التربية بجامعة ديمشق، مجلة اتحاد الجامعات العربية للتربية وعلم النفس،المجلد(١٥)،العدد(٢)٢٠١٧

المؤمني،محمدعمر ،ابتسام محمدالمؤمني، الهام محمود الربابة(٢٠١٤): الدافع للإنجاز الدراسي وعلاقته بالقلق الاجتماعي لدى طالبات كلية التربية في جامعة اليرموك،جامعة اهل البيت، مجلة اهل البيت عليهم السلام،العدد١٨.

الزغول، عماد عبدالرحيم(٢٠٠٦) مبادئ علم النفس التربوي، كلية العلوم التربوية،جامعة مؤتة الاردن.

الغامدي، غرم الله بن عبدالرزاق بن صالح(٢٠٠٩)،تفكير العقلانى اوالتفكيرغير العقلانى والمفهوم الذات والدافعية الانجاز لدى عين المراهقين المتفوقين، دراسياو العاديين بمدينة مكة المكرمة والجدة، كلية التربية، جامعة ام القرى.

الغامدى، ناجي بن عبداللة بن سعيد(٢٠٠٠)،مدى فاعلية برنامج أرشادي في تنمية دافعية الآنجاز لذوي صعوبات التعلم الآكاديمي بالمرحلة ألابتدائية بمحافظة جدة، كلية التربية،الدراسات العليا، جامعة أم القرى، بمكة مكرمة.

الحامد, محمد بن معجب(٢٠٠٥) قياس دافعية الانجاز الدراسى على بيئة السعودية، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية.

بۆكانی ،سابیر بكر (٢٠١٦)،میتودی توژینەوەی زانستی ،جابی یەكەم ،چاپخانەی چوارچرا،سلیمانی

ربيع، هادي مشعان والغول، ايسماعيل محمد(٢٠٠٥) المرشيد التربوي و دورة الفاعل في حل مشاكل الطلبة، دارا عالم الثقافة.

راجع، احمد عزت( ١٩٦٨)،اصول علم النفس، دارالكتب العربي للطباعة والنشر ، القاهرة.

قطامى،يوسف وعدس،عبدالرحمن(٢٠٠٢)علم النفس العام، دارالفكر ، الآردن.

قەرەچەتانی کەریم شریف (٢٠١١ ) سایکۆلۆژیایی گشتی ، چاپی سێیەم، چاپخانەی دیلان

عويضة، كامل محمود محمد(١٩٩٦)،سيكولوجية التربية،داراكتب العلمية ،بيروت – لبنان

خليفة،عبداللطيف محمد(٢٠٠٠)،الدافعية للانجاز ،القاهرة، دارغرب.

ملحم،سامى محمد(٢٠٠٨)،تأثيرات خبرات الداخلي على اضطرابات السلوك والتحصيل الدراسى ودافعية الانجازلدى طالبات كلية التربية بعبري في سلطنة عمان، مجلة علمية محكمة مجلةد(١٢) العدد(٢) ايلولي ٢٠٠٨:كلية الدراسات التربوية العليا، جامعة عمان العربية للدراسات العليا

شواشرة، عاطف حسن(٢٠٠٧)، فاعلية برنامج في الإرشاد التربوي في استثارة دافعية الإنجاز لدى طالب يعاني من تدني الدافعية في التحصيل الدراسي (دراسة حالة)، كلية الدراسات التربوية الجامعة العربية المفتوحة، فرع الأردن.

علاونة، شفيق (٢٠٠٤) علم النفس العام، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمّان.

عبدالخالق، حسين و احمد، رەفيق صالح (١٩٩٠) دافع الانجاز الدراسي في هيئة المعاهيد الفنية، مجلة البحوث التقنية، بغداد، العدد ١٩.

هەمەوەندى ، ايوب خسرو نادر(٢٠٠٥)، مستوى الدافعية والانجاز و علاقته بالتحصيل الدراسى لدى طلبة المرحلة الاعدادية من ابناء ضحايا عمليات الانفال_ فاقدى الاب_ واقرانهم ابناء والاخرين، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الصلاح الدين.

يونس ،محمود بني (٢٠٠٨) ،سيكولوجيات الدافعيةوالانفعالات كلية العلوم الآجتماعية والانسانية ،الجامعة الأردن.

## ملخص :

**هدف هذه الدراسة**

1. **لمعريفة مستوا الدافع الأنجاز لطلبة الجامعة رابةرين.**
2. **لمعريفة مستوا الدافع الأنجاز لطلبة الجامعة رابةرين حسب متغيرات (جنس، مرحلة)**

**استخدم الباحث المنهج الوصفي،مجتمع الدراسة كل جميع طلبات جامعة رابةرين،**

**عينة الدراسة تكونت(١٠٠)طلبة من كلية التربية ألاساسية، مرحلة الأول مرحلةالرابعة، استخدم الباحث ادوات الدراسة اختبار الدافع الأنجاز من إعداد (كنانى،١٩٧٩) ، وبعد إجراء المعالجات الإحصائية تم التوصل إلى النتائج الآتية:**

3. **انخفاض الدافع الأنجاز بين طلبة الجامعة، ليس هناك فروقاً ذات دلالة احصائية وفقاً لمتغيرات (جنس، مرحلة).**

**وفي ضوء النتائج المتحققة ، اوصت الباحثة بجملة من التوصيات هي :-**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

توعية طلاب فيما يتعلق بمستقبلهم من خلال التعرف على امكاناتهم الحقيقية وتعليمهم مهارات التخطيط ، واقترحت الباحثة ، اجراء بحوث اخرى تتناول متغير البحث مع متغيرات نفسية اخرى مثل (الضغوط النفسية ، الافكار اللاعقلانية ، الصحة النفسية) .

# study achievement motivations among students in the college of Basic Education , University of Raparin

**Sivan Omar Ismael**

Department Kindergarten, College of Basic Education, University of Raparin,Rania, Kurdistan Region Iraq.

Email: sivan.omar@uor.edu.krd_

## Abstract:

A brief About the Research Motivation of Gaining is an important and effective reason for Directing individual's behavior and activation of understanding and feeling for the situations. In addition for helping individual's for Understanding and explaining of individual's behavior and others around him/her. In another way Motivation of Gaining is the main thing For everyone's Attempting for Directing in doing things according to the individual's behavior. Because Individual himself /herself attention and feeling about himself/herself by the things he/ she trying to do in life. This research is a great attempt to know the Average of Motivation of Gaining accounting to the students at College of education at Raparin University Generally, and it is a great Way to know Level of Motivations Of Gaining according to the Students of primary College of education. According to the The ones (Gene, Level) This research consists of Four Parts. The first part is about giving information the Main purpose of the research. The second part is about the theory of the research. The third part is about the core of the research. The last and the fourth part is about explaining The results and show them with the Solutions. The Researcher is used the theory of Description. The society of the research includes the most students of primary College of education /University of Raparin. An example of the research includes about (100) students hierarchy from the students at this college from the First stage to the Fourth stage students. The Main things that used in this research is level of thinking according to the motivation of Gaining. (1979 knani) The main things that are used are the core of the counting and results of the Alpha crombagh. The most important results of this research that have gotten are shown that the Motivation of the Gaining is so Low according to the example of the research. But there is no differentiate between the Genders. An in the end The solution and suggestions are shown.

**Keywords:** motivation, study motivations, study achievement motivation